**دەوری لینین لەپەیمانی لۆزان و دابەشکردنی کوردستاندا چی بو؟**



کاردۆ بۆکانی

مامۆستای یاریدەدەری تیۆری‌و فەلسەفەی رامیاری لەزانکۆی دبلن-ئیرلەند

ڕۆژی هەینی ٢٤ی ئەم مانگە، ٩٢ ساڵ بەسەر پەیمانی لۆزان‌و دابەشکرانەی کوردستاندا تێپەڕ دەبێت. لەسەر ئەم دابەشکرانە شرۆڤەگەلێک کراون کە پانیەی بەشێکی زۆریان لەسەر خاڵێک دەسوڕێنەوە کە نامۆ نییە بەچاندو هزری رامیاری کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین—"تیۆری پیلانگێری". بەگوێرەی ئەم تیۆرییە لەکۆتایی شەری جیهانی یەکەمدا، هاوپەیمانان خۆشیان لەچارەی کورد نەهاتووەو کوردستانیان بەسەر ئەم چوار دەوڵەتەدا دابەشکردووە. بەڵام هەندێک قوڵبوونەوە لەڕەوتی ڕوداوەکانی کوردستان‌و هەرێم بەدرێژایی ساڵەکانی ١٩١٩ هەتا ١٩٢٣ پێچەوانەی ئەم تیۆرییەمان بۆ دەسەلمێنن. لەم بابەتەدا چاوێکی کورت‌و بابەتی بەو ساڵانەدا دەخشێنین‌و هەوڵ دەدەین ئەو پرسیارە وڵام بدەینەوە: گەلۆ بۆچی بزوتنەوەی کورد نەیتوانی ئەو هەلەی کە لەساڵەکانی ١٩١٩و ١٩٢١دا بۆی ڕەخسا بقۆزێتەوەو سەری لەلۆزان دەرهێنا؟

بۆ هەڵگیرسان‌و سەرخستنی هەر شۆڕشێک ٦ فاکتۆری سەرەکی دەوریان هەیە کە نەبوونی هەر کامیان دەتوانێ شۆڕش ئاستەنگ بکات. ئەڵبەت کاتێک کە دەڵێین شۆڕش مەبەستمان لەڕاپەڕین‌و گۆڕانکاری ڕوکەشی‌و تاکرەهەندی نییە. مەبەست لەشۆڕش کۆمەڵێک گۆڕانکاری بنچینەیی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، چاندی‌و سەربازییە. ئەم کۆمەڵە گۆڕانکارییە دەتوانێ لەماوەیەکی کورتدا بەدەست بخرێت‌و دەشکرێت لەدرێژخایەندا بەدی بێت. لەمیانەی وەدەست خستنیاندا دەکرێ توندوتیژی بەکار بێت‌و دەشکرێ بەشێوازێکی ئاشتیانەو بەدوور لەتوندوتیژی وە دی بێت. ئەم ٦ فاکتۆرە بریتین لە:

١. خواست‌و ویستی کۆمەڵگا؛ بەبێ ویستی کۆمەڵگاو هەبوونی ئاستێکی پێویست لەنارەزایەتی کۆمەڵگایی هیچ بەستێنێکی شۆڕشگێری بە دی نایەت. نارەزایەتی کۆمەڵگاش کاتێک دێتە ئاراوە کە ویستەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ دۆخی هەیی ئەو کۆمەڵگایەدا ناهاوسەنگ بێت. بۆ وێنە کاتێک کە ئاستی ویستەکانی کۆمەڵگا بەرەو ژوور هەڵدەکشێت، بەڵام ئاستی باردودۆخی ژیانی کۆمەڵگا هاوتەریب لەگەڵیدا هەڵناکشێت، درزی نێوان ئەو دووانە ڕێگە بۆ نارەزایەتی کۆمەڵگا دەکاتەوە (گوور، ٢٠١١: ٩؛ دێلاپۆرتا و دیانی، ١٩٩٩: ٦). بە پێچەوانە کاتێک کە هەردوو هێڵی ویستەکان و باردودۆخی هەیی تێکەڵ بەیەک و هاوتەریب لەگەڵ یەکدا بچنە پێشێ، نارەزایەتی کۆمەڵایەتی دروست نابێت.

٢. هەبوونی ڕێکخستن و پارتی رامیاری؛ نارەزایەتی کۆمەڵگا لە دۆخی هەیی و هەبوونی خواستی پێویست بۆ گۆڕان بە تەنیا بەس نییە بۆ سەرهەڵدان و شۆڕش. لە پلەی دووهەمدا ڕێکخستن یان پارتی

ڕامیاری پێویستە بۆ ڕێکخستە کردنی کۆمەڵگا و ناڕەزایەتییەکانی. سەرکەوتن یان ژێرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕ زیاتر گرێدراوی ڕێکخستە کردنی کۆمەڵگا و قۆزتنەوەی هەلەکانە تا ئاستی ناڕەزایەتی کۆمەڵگایی (گامسۆن و مێیر، ١٩٩٦: ٢٧٧). گرینگی ڕێکخستن لەو کاتانەدا زیاتر دەبێت کە کۆی بزووتنەوەکە ڕێبەرێکی کارزیماتیکی نییە کە تواناى ڕاکێشانی کەسانێکی زۆری هەبێ، کاتێک کە باڵە جیاوازەکانی دەوڵەت یەکگرتوون لە دژی شۆڕش، و لەو کاتەی کە دامودەزگاکانی دەوڵەت بەهێزتر و سەرکوتکەرتر بن (گرین، ١٩٩٠: ٩٢-٩٣).

٣. یەکێتی نەتەوەیی و هەبوونی وتارێکی گشتگیر کە ڕووی لە زۆربەی چینەکانی کۆمەڵگا بێت؛ سەرکەوتنی شۆڕش پێویستی بە بەشداری هەرە زۆری چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا هەیە و ئەم چەشنە بەشداربوونەش پێویستی بە وتارێکی گشتگیرە کە ئەو چینانە خۆیانی تێدا ببیننەوە (تیلی، ١٩٧٨: ٢٠٤؛ گرین، ١٩٩٠: ٦٦-٧٤). بەشداربوونی هەمەلایەنە یەکێک لەو خاڵانەیە کە شۆڕش لە ڕاپەڕین، سەرهەڵدان و کودەتا جیا دەکاتەوە. بە پێچەوانەی ئەوانەی دووهەم کە بە یەک یا دوو چینی کۆمەڵگا دەکرێن، شۆڕش پێویستی بە بەشداربوونی زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا هەیە (هانتینگتون، ١٩٩٤: ٤٤). ئەگەر چاوێک بە شۆڕشەکانی پێشدا بخشێنین دەبینین کە ئەوەی کە شۆڕشی فەڕانسەی مسۆگەر کرد بەشداری هەمەلایەنەی توێژەکانی کۆمەڵگا بوو. لە ڕاستیدا ئەو هۆکارەی کە بواری بە سەرکەوتنی ڕاپەڕینی "فرۆندە"ی فەڕانسە نەدا لە ساڵی ١٦٤٨دا، بەشدار نەبوونی تەنیا یەک چین، واتە چینی جووتیار بوو. بەڵام بەشداربوونی ئەو چینە لە ڕاپەڕینەکانی ساڵی ١٧٨٩ دا بوو بە هۆی سەرکەوتنی شۆڕشی فەڕانسە (گرین، ١٩٩٠: ٦٦). ئەگەر چاوێک لە شۆڕشی ڤێتنام ١٩٤٥-١٩٧٥ بکەین دەبینین کە هۆکاری سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەش بەشداری هەمەلایەنەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بوو، بە سۆسیالیست و ناسۆسیالیستەوە (جیاپ، ٢٠٠١: ٣٣-٣٤-٧٤-٨٩).

٤. نەبوونی یەکێتی لە نێو باڵە جیاوازەکانی دەوڵەتدا؛ چەندە یەکێتی نەتەوەیی و بەشداری گشتگیری کۆمەڵگا گرینگ بێت بۆ سەرکەوتنی شۆڕش، ئەوەندەش پرشوبڵاوی باڵە جیاوازەکانی دەوڵەت کاریگەری ئەرێنی هەیە. ئەو هۆکارانەی کە یەکریزی باڵەکانی دەوڵەت تێکدەدەن بریتین لە قەیرانی ئابووری، هەڵمەتی چاکسازی لە لایەن باڵێکی دەوڵەت و شکەستی دەوڵەت لە شەڕی دەرەکیدا. بۆ وێنە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی هەردوو شۆڕشی فەڕانسە ١٧٨٩ و شۆڕشی چین ١٩١١ ناکۆکی نێوان چینی خاوەن دەسەڵات و چینی بازەرگان-خاوەن زەوی ئەو وڵاتانە بوو (سکاکپۆڵ، ١٩٧٩: ٨٠-٨١). یان ئەگەر چاوێک لە شۆڕشی ئەلجەزایری ١٩٦٢ بکەین دەبینین کە سەرکەوتنی شۆڕش زیاتر بۆ نایەکریزی دەوڵەتی فەڕانسە دەگەڕێتەوە تا بۆ هێزی جەماوەری و سەربازی "بەرەی ئازادیخوازی نەتەوەیی" ئەلجەزایر (FLN). تێچووی شەڕی فەڕانسە لە ئەلجەزایرە ئەوەندە زۆر بوو کە باڵە جیاوازەکانی دەوڵەتی فەڕانسەی هەتا ئاستی شەڕی ناوخۆیی برد (دوون، ١٩٧٢: ١٤٧-١٤٨؛ گرین، ١٩٩٠: ٧٤-١١٣).

٥. قەیرانگەلێکی گشتی کە بتوانن توانایی سەرکوتکاری لە دەوڵەت زەوت بکەن؛ هەندێک فاکتۆر هەن کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەتدان و دەتوانن کە کۆی پەرگال یان سیستێمی دەوڵەت تێکبدەن. باشترینی ئەم فاکتۆرانە بەزینی دەوڵەتە لە شەڕی دەرەکیدا کە دەبێتە هۆی دروست بوونی بۆشایی هێز و دەتوانرێ لە لایەن بزووتنەوی شۆڕشگێڕەوە بقۆزرێتەوە (تیلی، ١٩٩٤: ٥٤؛ دیفرۆنزۆ، ١٩٩٦: ١٦). هەندێک لەو شۆڕشانەی کە لە میانەی بەزینی سوپای وڵاتەکەیاندا هەڵگیرساون بریتین لە شۆڕشی فەڕانسەی ساڵی ١٨٧١، شۆڕشی ئۆکتۆبری ڕووسیە ١٩١٧ و شۆڕشی چین ١٩٤٧ (جانسۆن، ١٩٨٢: ١٠٧). قەیرانی ئابووریش یەکێکی ترە لەو فاکتۆرانەی کە دەتوانێ شڵەژان بخاتە نێو دامودەزگای دەوڵەتەوە. بۆ وێنە لە ساڵەکانی پێش شۆڕشی فەڕانسە ١٧٨٩، پەرگال یان سیستێمی ئابووری ئەو وڵاتە دۆخێکی

گەلێک خراپی هەبووە. نرخی زۆربەی شتەکان هەر لە گەنم و برنجەوە بگرە هەتا دەگاتە سووتەمەنی بەرزبوونەوەیەکی ئەوتۆیان بینیوە (گرین، ١٩٩٠: ١٣٨؛ تارۆ، ١٩٩٤: ٧٠).

٦. ڕێگەپێدراوی نێونەتەوەیی و یارمەتی دەرەکی؛ هەبوونی بەستێنێکی هەرێمی و ناونەتەوەیی کە هێڵانی شۆڕش بدات دەتوانێ دەورێکی دیاریکەری لەسەر ڕەوتی شۆڕش هەبێت. بۆ وێنە شەڕی یەکەمی جیهانی بەستێنێکی لەباری خولقاند بۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکانی مێکزیک، ئارژانتین، ئۆرۆگوێ، چین و ڕووسیە (گۆلدفرانک، ١٩٩٤: ١١٩). ڕێگەپێدراوی نێونەتەوەیی چەندە گرینگ بێت، یارمەتی دەرەکیش بۆ سەرخستنی شۆڕش ئەوەندە گرینگە. هەرچەندە یارمەتی دەرەکی زیاتر بێت ئەوەندەش شانسی سەرکەوتنی شۆڕش لە سەرێیە (گوور، ٢٠١١: ٢٧٠؛ کریسی، ١٩٩٦: ١٥٥؛ هۆرۆویتز، ٢٠٠٠: ٢٣٠). بۆ وێنە بە بێ یارمەتی یەکێتی سۆڤیەت بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئێریترە ئەگەری سەرکەوتنی شۆڕشی ئەو وڵاتە لەساڵی ١٩٩١دا ئەستەم بوو (هۆرۆویتز، ٢٠٠٠: ٢٧٢). یارمەتی دەرەکی بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێر چەندە دەتوانێ کاریگەری ئەرێنی لەسەر شۆڕش دانێت، هەبوونی ئەو یارمەتییە بۆ دەوڵەت دەتوانێ ئەوەندە کاریگەری نەرێنی لەسەر دانێت. لە ئامریکای لاتین بۆ وێنە، یارمەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بۆ ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بەربەستێکی گەورە بوو بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی ئەو وڵاتانە (گرین، ١٩٩٠: ١٢٦). بەڵام کاتێک کە یارمەتی ئامریکا نەما، هێزی سەرکوتکەرانەی ئەم ڕێژیمانە دابەزی و ڕێگای بۆ سەرخستنی شۆڕش خۆش کرد. بۆ وێنە، کاتێک کە ئامریکا لە ساڵی ١٩٧٨دا یارمەتیەکانی ڕێژیمی "سۆمۆزا"ی بڕی، دەوڵەتی نیکاراگوێ بێ هێز بوو و ساڵێکی تێ وەرنەگەڕا کە شۆڕشی ئەو وڵاتە سەرکەوت (مەک ئادەم، ١٩٩٦: ٣٥؛ گرین، ١٩٩٠: ١٢٧).

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ٦ فاکتۆرە ئەگەر چاوێک بە مێژووی کوردستان لە ساڵەکانی ١٩١٩ هەتا ١٩٢١ دا بخشێنین دەبینین کە بەشێکی زۆری ئەم فاکتۆرانە لە ئارادا بوون. هەر بۆیە هەندێک لە مێژوونووسان ئەو ماوەیە بە "دەرفەتی زێڕین" بۆ ئازادی کوردستان و سەربەخۆیی نەتەوەیی ناودێر دەکەن (ئیزەدی، ١٩٩٢: ٥٨؛ کەنداڵ، ١٩٩٣: ٣٠). بەڵام ئەم چەشنە ناودێر کردنە بۆ و ئەو فاکتۆرانەی کە لە ئارادا بوون چین؟

فاکتۆری یەکەم، واتە خواست و ویستی کۆمەڵگا لە ئارادا بووە. هەبوونی دەیان سەرهەڵدان لە چوار قوڕنەی کوردستان، واتە سەرهەڵدانی شێخ مەحموود لە پارێزگەی سلێمانی ١٩١٩، سەرهەڵدانی کۆچگری لە هەرێمەکانی دێرسیم ١٩٢٠، سەرهەڵدانی سمکۆ شکاک لە ناوچەی ورمێ ١٩٢٠، سەرهەڵدانی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٣، سەرهەڵدانی ئاگری ١٩٢٧ و ڕاپەڕینی دێرسیم ١٩٣٨، ئەوە دەسەلمێنن کە کۆمەڵگای کوردەواری خواست و ویستی ئازادی و سەربەخۆیی هەبووە.

فاکتۆری دووهەم، واتە ڕێکخستن و پارتی ڕامیاری لە ئارادا بوون و توانیویانە لە ئاست و شوێنی خۆیاندا بەرخۆدانی باش بکەن. تەنانەت لە هەندێک شوێندا بەرخۆدان ئەوەندە بەهێز بووە کە دەوڵەتانی داگیرکەر دەستەوداوێنی فێڵ و کەڵەک بوون بۆ شکەستدانی سەرهەڵدانەکە. بۆ وێنە لە سەرهەڵدانی دێرسیمدا، کاتێک کە سوپای تورکیە بەرخۆدانی بێ وێنەی کوردانی پێ ناشکێت، سەید ڕەزا بانگ دەکات بۆ دانووسان لەسەر مافی کورد. کاتێک کە سەید ڕەزا بە مەبەستی وتووێژ دەچێت بۆ لای کەمالیستەکان، هەر لەوێ دەیگرن و لە داری دەدەن (دەرسیمی، ٢٠٠١: ٣٢١؛ لازاریف ئ.د.، ١٩٩٩: ٢٠٠٣). سەرهەڵدانی سمائیل ئاغای سمکۆش هەر بەو چەشنە لە ناو برا.

فاکتۆری سێهەم، واتە یەکێتی نەتەوەیی و هەبوونی وتاری ڕامیاری گشتگیر کە زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لەخۆیدا بگرێ، لە ئارادا نەبووە. هیچ بەڵگەیەک نییە گوزارە لە هاوکاری و یەکێتی بزووتنەوەکانی کوردی چوار لای کوردستان بکات. هەندێک جار لە نێو بزووتنەوەی یەک بەشی

کوردستانیشدا تەنانەت یەکێتی نەبووە. بۆ وێنە ئەگەر چاو لە بزووتنەوەی باکووری کوردستان بکەین دەبینین کە لە کاتێکدا کە بەدرخانییەکان باسیان لە سەربەخۆیی کوردستان دەکرد و دیانکوت کات کاتی سەربەخۆییە، سەید عەبدولقادری نەهری و قەوارەپارێزەکان پێداگریان لە ئۆتۆنۆمی و مانەوە لەگەڵ "برا" تورکەکاندا دەکرد (دەرسیمی، ٢٠٠١: ١٤٥-١٤٦؛ کەنداڵ، ١٩٣: ٣٢).

فاکتۆری چوارەم، واتە پڕشوبڵاوی نێو باڵەکانی دەوڵەت لە ئارادابووە. ئیمپڕاتووری عوسمانی لە حاڵی ڕووخاندا بە دوو باڵدا دابەش ببوو. باڵی سوڵتان عەبدولحەمید خوازیاری بەردەوامی پەرگال و سیستێمی پاشایەتی بوو، لە کاتێکدا ئاتاتورک و کەماڵیستەکان هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی تورکیان دەدا. لایەنگرانی سوڵتان لە ئیستەنبوڵ بوون و کەمالیستەکانیش کە دەوڵەتی ئیستانبوڵ و سوڵتانیان قەبوول نەبوو لە ئانکارا دەوڵەتێکی نوێیان پێکهێنا بوو.

فاکتۆری پێنجەم، واتە هەبوونی قەیرانێکی تۆخی گشتگیر کە کۆی پەرگالی دەوڵەتی تورکی شڵەژاندبوو، لە ئارادا بووە. پاش تەواو بوونی شەڕی یەکەمی جیهانی و بەزینی دەوڵەتی عوسمانی لەو شەڕەدا هاوپەیمانان ئەو وڵاتەیان داگیر کردبوو و پەیمانی سێڤرەسیان بەسەردا سەپاندبوو. ئاتاتورک ئەوەندە لاواز ببوو کە پەنایی بۆ کوردەکان برد و تەنانەت لە ژێر ناوی "برایەتی گەلان"دا هەندێک سەرۆک خێڵی کوردیشی خاپاند (کەنداڵ، ١٩٩٣: ٤٨). لەو دۆخە دژوارەدا دەوڵەتی عوسمانی توانای سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کوردی نەبوو و لەولاوەشەوە دەوڵەتی ئێرانیش لە دۆخێکی باشتردا نەبوو.

فاکتۆری شەشەم، واتە ڕێگەپێدراوی نێودەوڵەتی و یارمەتی دەرەکی لە بواری "دیپلۆماسی"دا هەبووە. بەڵگە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە دونیای ڕۆژئاوا و هاوپەیمانان لایەنگرییان لە دروست کردنی کوردستانێکی ئازاد کردووە. بەڵگەی یەکەم جاڕنامەی ١٤ خاڵی "وودرۆ ولیسۆن" سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی ئامریکایە کە لە خاڵی ١٢ دا بە ڕاشکاوی باس لە مافی کورد دەکات و دەڵێ کە کوردان دەبێ "بە تەوای دەرفەتی دەست تێوەرنەدراویان هەبێت بۆ پێشخستنی [پێکهاتەی] خۆبەڕێوەبەر"ی خۆیان. بەڵگەی دووهەم پەیمانی سێڤرەسە کە ئەویش بە ڕاشکاوی لە خاڵی ٦٢ و ٦٤ دا داکۆکی لە مافی کورد و دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد دەکات. بەڵام یارمەتی دەرەکی هاوپەیمانان تەنیا لە ئاستی "دیپلۆماسی"دا بووە و هیچ بەڵگەیەک لەسەر ئەوە نییە کە هاوپەیمانان یارمەتی ماڵی یان سەربازی بزووتنەوەی کوردیان کردبێت. ئەوەی کە یارمەتی دیپلۆماسی، ئابووری و سەربازی پێگەیشت کەماڵیستەکان و دەوڵەتی تازەدامەزراوی تورک بوو لە ئانکارا، نەک کورد. بەڵام ئەو یارمەتیانە لە کوێوە هاتوون و کێ ناردوونی، ئێستا دێینە سەر ئەو باسە.

بەڵگە مێژووییەکان هەموو باس لەوە دەکەن کە لە ساڵی ١٩١٩ بەولاوە یەکێتی سۆڤیەت بە سەرۆکایەتی "ڤلادیمیر لێنین" یەکەمین یارمەتیدەری کەماڵیستەکان بووە و ئەو یارمەتیانەش هەموو ڕەهەندەکانی سەربازی، ئابووری و دیپلۆماسی لە خۆی گرتووە. بۆ وێنە، یەکەم وڵاتێک کە پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ کەمالیستەکان واژۆ کرد و دەوڵەتی ئانکارای لە ساڵی ١٩٢١ دا بە فەرمی ناسی یەکێتی سۆڤیەت بوو (مەک دۆل، ١٩٩٧: ١٣٨؛ ڕۆمانۆ، ٢٠٠٦: ٣٦). ئەم پەیمانە لەگەڵ خۆیدا بوو بە هۆی ئەوەی کە لێنین دابینکەری چەک و تەقەمەنی کەماڵیستەکان بێت، نەتەنیا بۆ دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی تورک بەڵکوو بۆ لە ناو بردنی سەرهەڵدانە یەک لە دوای یەکەکانی کورد (جووەیدا، ٢٠٠٦: ١٢٢؛ دوون، ١٩٧٢: ١٩٣-١٩٥؛ دەرسیمی، ٢٠٠١: ٢٩٠؛ ئۆلسۆن، ١٩٩٢: ٤٨٠-٤٩٢؛ بەردخان، ٢٠٠٥: ١٦-١٨-١٩؛ ڤانلی، ٢٠٠٥: ١٥٨؛ کەنداڵ؛ ١٩٩٣: ٤٩؛ هاریس، ١٩٩٠: ١١٨-١١٩). لێنین بە باشی ئاگای لە ڕاپەڕینی کوردەکان و سەرکوتکردنیان بووە. چونکە کاتێک کە کەماڵیستەکان ڕاپەڕینی شێخ سەعیدیان لە خوێندا گەوزاند، "ئەنتێرناسیۆناڵی سێهەم" کە لە ژێر کاریگەری لێنین و بۆلشۆیکەکاندا بوو، ڕاپەڕینەکەی سەرکۆنە کرد و بە ئامراز و کرێگرتەی "ئیمپریالیسم"ی ناودێر کرد (ڤان برووئینسن، ١٩٩٢: ٢٩٢؛ بۆزئەرسلان، ٢٠٠٣: ٢٩). لێنین هەنگاوێک لەوەش زیاتر ڕۆیشت و لە ژێر داوای

ئاتاتورکدا ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە بە هەرێمی "کوردستانی سوور"ی دابوو لە ئازەربایجان، لە ساڵی ١٩٢٣دا وەریگرتەوە و هەرێمەکەی خستە سەر "کۆماری ئازەربایجان" (ڤانلی، ٢٠٠٥: ١٥٨-١٥٩).

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر پرسیاری سەرەکی کە لە دەستپێکی بابەتەکەدا دامانڕشت، لە وەڵامدا دەتوانین بڵێین؛ ئەو فاکتۆرانەی کە بوون بە هۆی هەڵوەشانەوەی پەیمانی سێڤرەس و سەپاندنی پەیمانی لۆزان، لە پلەی یەکەمدا نەبوونی یەکێتی نەتەوەی بوو و لە پلەی دووهەمدا هالیکاری لینین بۆ کەماڵیستەکان. ئەگەر کوردەکان یەکگرتوو بایەن و یەکێتی سۆڤیەت لەو ئاستەدا یارمەتی کەماڵیستەکانی نەکردایە، ئەگەری زۆری هەبوو کە بزووتنەوەی کورد لەو قۆناخە هەستیارەدا سەرکەوتوو لە ئاو دەر هاتبایە. ئەڵبەت من لەو باوەڕەدام کە ئێمە ناتوانین ڕەخنەی لینین و بلۆکی سۆسیالیستی بکەین لە مەڕ یارمەتی کردنی ئاتاتورک. پێموایە ئەم چەشنە ڕەخنە کردنە ناشارەزایی ڕامیاری دەنوێنێ، چونکە سیاسەت لەسەر بەرژەوەندی دەکرێت و لەوانەیە لینین بەرژەوەندی خۆی لەگەڵ ئاتاتورکدا بینیبێت. بەڵام ئەگەر چاوێک لە سیاسەتی لینین لەمەڕ شۆڕشی گەلانی "دونیای سێهەم" بکەین، مژارەکە جیاواز دەبێت.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی ١٩١٧ لە ڕووسیە یەکێک لە بەرنامەکانی یەکێتی سۆڤیەت یارمەتی کردنی شۆڕشی گەلانی "دونیای سێهەم" بوو، کە ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە و شرۆڤە کردنی لە پانتایی ئەم بابەتەدا ناگونجێ. یەکەم هەنگاوی سۆڤەیەت لەو پێناوەدا سازدانی "کۆنگرەی یەکەمی گەلانی ڕۆژهەڵات" بوو کە لە ساڵی ١٩٢٠دا لە شاری "باکو" بەڕێوە چوو. "هۆشیمین" ڕیبەری شۆڕشی ڤێتنام کە لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بووە دەڵێت؛ "پاش ئەم کۆنگرە مێژووییە، سەرەڕای هەبوونی کێشەگەلێکی زۆری ناوخۆیی و دەرەکی، ڕووسیەی شۆڕشگێڕ قەت دوودڵی نەکرد لە یارمەتی کردنی ئەو گەلانەی کە لە ئاکامی شۆڕشە مێژووییەکەی خۆیدا وەخەبەر هاتبوون. یەکێک لە گرینگترین بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیە کردنەوەی زانینگەی ڕۆژهەڵات بوو" (هۆشیمین، ١٩٦٧: ٤٤). ئەو زانینگەیە بۆ پەروەردەکردنی شۆڕشگێڕانی ئاسیایی و ئافریقایی دروست کرابوو کە بە وتەی هۆشیمین ١٥٠ مامۆستا و ١٠٢٢ خوێندکاری لە ٦٢ وڵاتی جیاوازەوە هەبووە. لە هەڵسەنگاندنی ئەم زانینگەیەدا هۆشیمین دەڵێت؛ "بە بێ زیاد پێوەنان، دەکرێ بگوترێ کە لە ژێر میچی ئەم زانینگەیەدا داهاتووی گەلانی داگیرکراو شاراوەیە" (هۆشیمین، ١٩٦٧: ٤٦). لە بیرمان نەچێت کە پێش ئەوەی هۆشیمین لەو زانینگەیەدا پەروەردە ببینێت، لە خواردنگەکانی پاریسدا کاری کردووە. سەرەڕای ئەوەی کە مرۆڤێکی وڵاتپەروەر بووە، توانایی بەڕێوەبردنی شۆڕشێکی مەزنی وەکوو ڤێتنامی نەبووە. بەڵام لەو زانینگەیە پەروەردەی پێویستی هزری، بیردۆزی و ڕێکخستنی بینیوە و بۆ ڤێتنام بەڕێ کراوەتەوە. ئەڵبەت ئەو یارمەتیدانە تەنیا لەو ئاستەدا نەبووە و هەتا سەرکەوتنی دوایی شۆڕشی ڤێتنام لە بواری سەربازی و ماڵی و دیپلۆماسیدا بەردەوام بووە.

یارمەتی سۆڤەیت و بلۆکی سۆسیالیسم بۆ گەلانی ژێر دەستی ئەو کاتە سەرنجی بەشێکی زۆر لە شۆڕشگێڕانی گەلانی ئاسیا و ئافریقای ڕاکێشاوە و هۆی سەرەکی بە سۆسیالیست بوونیان بووە. بۆ وێنە کەسێکی وەکوو هۆشیمین مرۆڤێکی نەتەوەپارێز بووە و لە هەوڵی ئازاد کردنی وڵاتەکەیدا بووە. یەکەم جار کە جاڕنامەی ١٤ خاڵی "وودرۆ ویلسۆن" دەخوێنێتەوە، پەنای بۆ دەبات و داوای مافی چارەیخۆنووسینی گەلی ڤێتنام دەکات. بەڵام کاتێک کە وودرۆ ویلسۆن پشتگوێ دەخات و لە هەمان کاتدا لینین و پشتگیرییەکانی بلۆکی سۆسیالیسم دەبینێ، سۆسیالیسم هەڵدەبژێرێت، بەبێ ئەوەی کە بکەوێتە خزمەت و ڕاژە کردنی سۆسیالیسمەوە. بەڵام بە پێچەوانەی ڤێتنام و براڤی ئازادیخوازی گەلانی ژێردەستی ئەو کات، بەشێکی زۆر لە براڤی کورد کەوتە ڕاژەی سۆسیالیسمەوە، بە بێ ئەوەی کە بەرەی سۆسیالیسم هێچ گرینگییەک بە بزووتنەوەی کورد بدات. لە ژێر سەرۆکایەتی خودی لینیندا بلۆکی سۆسیالیستی دەستی هەبووە لە قەڵاچۆ کردنی کوردان و دابەشبوونی کوردستاندا. هەر لەو کاتەوە هەتا ساڵانی پێش ڕووخانی، یارمەتی داگیرکەرانی کوردستانی کردووە. بۆ وێنە، لە ساڵانی ١٩٨٠دا، واتە

ئەو کاتەی کە یارمەتی شۆڕشی ئێریترەی دەکرد، یەکێتی سۆڤیەت چەکی لە جۆری می-١، هیپ-م، هێلیکوپتێری سکۆرسکی و نەفەربەری ئاسنینی بۆ دەوڵەتی تورکیە ڕەوانە کردووە لە دژی پەکەکە (لەیزێر، ١٩٩٦: ٨٣). لەمانەش زیاتر، سۆسیالیسم بزاڤی کوردی کردووەتە پێش قەڕاوڵی خۆی و لە مەتەرێزی پێشەوەدا شەڕی دونیای ڕۆژئاوا و سەرمایەداری پێدەکات. ئەوەش وای کردووە کە فاکتۆری شەشەمی سەرکەوتنی شۆڕش، واتە یارمەتی دەرەکی، لە قازانجی تورکیەدا بشکێتەوە نەک بزاڤی کورد، و تورکیەش زۆر زیرەکانە کەڵکی لەوە وەرگرتووە!

هەر چەندە یارمەتی دەرەکی تەنیا یەک فاکتۆرە لە شەش، بەڵام فاکتۆرێکی گرینگە و بزاڤی کورد بە گشتی و شۆڕشی ڕۆژئاوا بەتایبەت پێویستە لە بەرچاوی بگرن. بە هەر شێوەیەک شۆڕش پێناسە بکەین دەبینین کە لە ڕۆژئاوای کوردستاندا شۆڕشێکی هەمەلایەنە لە ئارادایە. بەڵام سەرکەوتنی کۆتایی ئەو شۆڕشە پێویستی بە فاکتۆری شەش هەیە. بۆ ڕاستی ئەم وتەیە پێویست ناکات زۆر دوور بڕۆین، با لە فەرماندەکانی یەپەگە و یەپەژە بپرسین ئاخۆ هاوکاری هاوپەیمانان کاریگەری هەبووە یان نا. ئەگەر کاریگەری هەبووە پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ بەردەوام کردن و بەرفرە کردنیان بۆ ڕەهەندەکانی دیپلۆماسی، ئابووری و هتد. بەڵام بەو زمانە سۆسیالیستییە توندەی کە ئێستا هەیە، لەو باوەڕەدا نیم فاکتۆری شەشمان پێ مسۆگەر بکرێت. لەوانەیە لە کەمبوونەوەی مەترسییەکانی داعشدا، ئەو یارمەتییە سەربازییە کەمەی کە ئێستا هەیە، ئەوەش لە دەست بدەین.

کۆتایی

بە پێی ئەوەی کە بزووتنەوەی سەدەی بیستەمی کورد زیاتر لە ژێر کاریگەری چەپدا بووە، ئەو کاریگەریە باڵی بەسەر زۆربەی شرۆڤە ڕامیارییەکاندا کێشاوە. هەندێک جار ئەم کاریگەرییە وای کردووە کە مێژووی خۆشمان وەک ئەوەی کە هەبووە شرۆڤە و ئازەنتی نەکەین. یەکێک لەوانە پەیمانی لۆزان و دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەت-نەتەوەی هەرێمی دایە. بە گوێرەی وتاری باوی ڕامیاری کورد پەیمانی لۆزان بەرهەمی "پیلانگێڕی" دونیای ڕۆژئاوا و بەرەی کاپیتالیسم بوو. بەڵام لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکی سەرنەگرتنی پەیمانی سێڤرەس و سەپاندنی لۆزان لە پلەی یەکەمدا بۆ نەبوونی  یەکێتی نەتەوەیی و لە پلەی دووهەمدا یارمەتی سەربازی، دیپلۆماسی و ئابووری یەکێتی سۆڤیەت بە سەرۆکایەتی لێنین بۆ تورکیە دەگەڕێتەوە. ئەگەر کوردەکان یەکگرتوو بایەن و ئاتاتورک لەو ئاستەدا یارمەتی هەمەلایەنەی لێنینی پێ نەگەیشتایە، مێژووی سەدەی بیستەمی کوردی زۆر جیاواز دەبوو لەوەی کە هەیە.

Kardo.bokani@gmail.com

:Bibliography

Bedirxan, S. (2005) The Case of Kurdistan Against Turkey. Available online: http://www.saradistribution.com/thecaseofkurdistan.htm

Bozarslan, H. (2003) “Kurdish Nationalism in Turkey: From Tacit Contract to Rebellion 1919-1925”. In: Vali, A. ed. Essays on the Origins .of Kurdish Nationalism. California: Mazda

Revolutionary Movements, Second  & DeFronzo, J. (1996) Revolutions .Edition. Oxford: Westview

Della Porta, D. and Diani, M. (1999) Social Movements An Introduction. .Oxford: Blackwell

دەرسیمی، ن. (٢٠٠١، [١٩٥٢] دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا. وەرگێڕ لە تورکیەوە بۆ کوردی، دزێیی، ف.ا. هەولێر: موکریانی.

Dunn, J. (1972) Modern Revolutions; An Introduction to the Analysis of a .Political Phenomenon. London: Cambridge University Press

Gamson, W. and Meyer, D. (1996) “Framing Political Opportunity”. In: McAdam, D., McCarthy, J. and Zald, M. eds. Comparative Perspectives on Social Movements; Political Opportunities, Mobilizing Structures, and .Cultural Framings. Cambridge: Cambridge University Press

Giap, V.N. (2001, [1961]) Peoples War Peoples Army; The Viet Cong Insurrection Manual for Underdeveloped Countries. Hawaii: University .Press of the Pacific

Goldfrank, W. (1994, [1986]) “The Mexican Revolution”. In: Goldstone, J. ed. Revolutions; Theoretical, Comparative, and Historical Studies. .Second Edition. Toronto: University of California, Davis

Greene, T. (1990, [1974]) Comparative Revolutionary Movements; Search For Theory and Justice, Third Edition. New Jersey: Prentice .Hall

.Harris, N. (1990) National Liberation. London: Penguin Books

Horowitz, D. (2000, [1985]) Ethnic Groups in Conflict. Berkeley: .University of California Press

Huntington, S. (1994, [1986]) “Revolution and Political Order”. In: Goldstone, J. ed. Revolutions; Theoretical, Comparative, and Historical .Studies. Second Edition. Toronto: University of California, Davis

Izady, M.R. (1992) The Kurds; A Concise Handbook. Washington: Taylor .Francis &

Johnson, C. (1982, [1966]) Revolutionary Change. Second Edition. .Stanford: Stanford University Press

Jwaidah, W. (2006) The Kurdish National Movement; Its Origin and .Development. New York: Syracuse University Press

Kendal, N. (1993, [1980]) “Kurdistan in Turkey”. In: Chaliand, G. ed. A People Without A Country; The Kurds and Kurdistan. New York: Olive .Branch

Kriesi, H. (1996) “The Organizational Structure of New Social Movements in a Political Context”. In: McAdam, D., McCarthy, J. and Zald, M. eds. Comparative Perspectives on Social Movements; Political Opportunities, Mobilizing Structures, and Cultural Framings. Cambridge: .Cambridge University Press

لازاريف، پ.س، محوى، ش.خ.، ڤاسيلييەوا، ى.اى.، حسرتيان، م.ێ.، و ژيگالينا. (١٩٩٩) تاريخ كردستان. ترجمه به فارسى امين ێواره، ک. و صدقى، م. كلن: فروغ.

Laizer, S. (1996) Martyrs, Traitors and Patriots; Kurdistan after the Gulf .War. London: Zed Books

McAdam, D. (1996) “Conceptual Origins, Current Problems, Future Directions”. In: McAdam, D., McCarthy, J. and Zald, M. eds. Comparative Perspectives on Social Movements; Political Opportunities, Mobilizing Structures, and Cultural Framings. Cambridge: Cambridge University .Press

.McDowall, D. (1997) A Modern History of the Kurds. London: I.B. Tauris

Minh, H.C. (1967) On Revolution; Selected Writings, 1920-66, Fall, B.B. .edition. New York: Praeger

Olson, R. (1992) “The Kurdish Question in the Aftermath of the Gulf War: Geopolitical and Geostrategic Changes in the Middle East”. Third World .Quarterly, 13 (3): 475-499

Romano, D. (2006) The Kurdish Nationalist Movement; Opportunity, .Mobilization and Identity. Cambridge: Cambridge University Press

Social Revolutions; A Comparative Analysis & Skocpol, T. (1979) States .China. Cambridge: Cambridge University Press & ,of France, Russia

Tilly, C. (1978) From Mobilization to Revolution. Massachusetts, London: .Addison-Wesley

Tarrow, S. (1994) Power in Movement; Social Movements, Collective .Action and Politics. Cambridge: Cambridge University Press

Van Bruinessen, M. (1992) Agha, Shaik and State: On the Social and .Political Organisation of Kurdistan. London: Zed Books Ltd

Vanly, I.S. (2005, [1992]) “The Kurds in the Soviet Union”. In: Kreyenbroek, P. and Sperl, S. eds. The Kurds; A Contemporary .Overview. London: Routledge

ڕۆژی هەینی ٢٤ی ئەم مانگە، ٩٢ ساڵ بەسەر پەیمانی لۆزانو دابەشکرانەی کوردستاندا تێپەڕ دەبێت. لەسەر ئەم دابەشکرانە شرۆڤەگەلێک کراون کە پانیەی بەشێکی زۆریان لەسەر خاڵێک دەسوڕێنەوە کە نامۆ نییە بەچاندو هزری رامیاری کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین—"تێۆری پیلانگێری". بەگوێرەی ئەم تێۆرییە لەکۆتایی شەڕی جیهانی یەکەمدا، هاوپەیمانان خۆشیان لەچارەی کورد نەهاتووەو کوردستانیان بەسەر ئەم چوار دەوڵەتەدا دابەشکردووە. بەڵام هەندێک قوڵبوونەوە لەڕەوتی ڕوداوەکانی کوردستانو هەرێم بەدرێژایی ساڵەکانی ١٩١٩ هەتا ١٩٢٣ پێچەوانەی ئەم تێۆرییەمان بۆ دەسەلمێنن. لەم بابەتەدا چاوێکی کورتو بابەتی بەو ساڵانەدا دەخشێنینو هەوڵ دەدەین ئەو پرسیارە وڵام بدەینەوە: گەلۆ بۆچی بزوتنەوەی کورد نەیتوانی ئەو هەلەی کە لەساڵەکانی ١٩١٩و ١٩٢١دا بۆی ڕەخسا بقۆزێتەوەو سەری لەلۆزان دەرهێنا؟

بۆ هەڵگیرسانو سەرخستنی هەر شۆڕشێک ٦ فاکتۆری سەرەکی دەوریان هەیە کە نەبوونی هەر کامیان دەتوانێ شۆڕش ئاستەنگ بکات. ئەڵبەت کاتێک کە دەڵێین شۆڕش مەبەستمان لەڕاپەڕینو گۆڕانکاری ڕوکەشیو تاکرەهەندی نییە. مەبەست لەشۆڕش کۆمەڵێک گۆڕانکاری بنچینەیی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، چاندیو سەربازییە. ئەم کۆمەڵە گۆڕانکارییە دەتوانێ لەماوەیەکی کورتدا بەدەست بخرێتو دەشکرێت لەدرێژخایەندا بەدی بێت. لەمیانەی وەدەست خستنیاندا دەکرێ توندوتیژی بەکار بێتو دەشکرێ بەشێوازێکی ئاشتیانەو بەدوور لەتوندوتیژی وە دی بێت. ئەم ٦ فاکتۆرە بریتین لە:

١. خواستو ویستی کۆمەڵگا؛ بەبێ ویستی کۆمەڵگاو هەبوونی ئاستێکی پێویست لەنارەزایەتی کۆمەڵگایی هیچ بەستێنێکی شۆڕشگێڕی بە دی نایەت. نارەزایەتی کۆمەڵگاش کاتێک دێتە ئاراوە کە ویستەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ دۆخی هەیی ئەو کۆمەڵگایەدا ناهاوسەنگ بێت. بۆ وێنە کاتێک کە ئاستی ویستەکانی کۆمەڵگا بەرەو ژوور هەڵدەکشێت، بەڵام ئاستی باردودۆخی ژیانی کۆمەڵگا هاوتەریب لەگەڵیدا هەڵناکشێت، درزی نێوان ئەو دووانە ڕێگە بۆ نارەزایەتی کۆمەڵگا دەکاتەوە (گوور، ٢٠١١: ٩؛ دێلاپۆرتا و دیانی، ١٩٩٩: ٦). بە پێچەوانە کاتێک کە هەردوو هێڵی ویستەکان و باردودۆخی هەیی تێکەڵ بەیەک و هاوتەریب لەگەڵ یەکدا بچنە پێشێ، نارەزایەتی کۆمەڵایەتی دروست نابێت.

٢. هەبوونی ڕێکخستن و پارتی ڕامیاری؛ نارەزایەتی کۆمەڵگا لە دۆخی هەیی و هەبوونی خواستی پێویست بۆ گۆڕان بە تەنیا بەس نییە بۆ سەرهەڵدان و شۆڕش. لە پلەی دووهەمدا ڕێکخستن یان پارتی ڕامیاری پێویستە بۆ ڕێکخستە کردنی کۆمەڵگا و نارەزایەتییەکانی. سەرکەوتن یان ژێرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕ زیاتر گرێدراوی ڕێکخستە کردنی کۆمەڵگا و قۆزتنەوەی هەلەکانە تا ئاستی نارەزایەتی کۆمەڵگایی (گامسۆن و مێیر، ١٩٩٦: ٢٧٧). گرینگی ڕێکخستن لەو کاتانەدا زیاتر دەبێت کە کۆی بزووتنەوەکە ڕێبەرێکی کارزیماتیکی نییە کە توانای ڕاکێشانی کەسانێکی زۆری هەبێ، کاتێک کە باڵە جیاوازەکانی دەوڵەت یەکگرتوون لە دژی شۆڕش، و لەو کاتەی کە دامودەزگاکانی دەوڵەت بەهێزتر و سەرکوتکەرتر بن (گرین، ١٩٩٠: ٩٢-٩٣).

٣. یەکێتی نەتەوەیی و هەبوونی وتارێکی گشتگیر کە ڕووی لە زۆربەی چینەکانی کۆمەڵگا بێت؛ سەرکەوتنی شۆڕش پێویستی بە بەشداری هەرە زۆری چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا هەیە و ئەم چەشنە بەشداربوونەش پێویستی بە وتارێکی گشتگیرە کە ئەو چینانە خۆیانی تێدا ببیننەوە (تیلی، ١٩٧٨: ٢٠٤؛ گرین، ١٩٩٠: ٦٦-٧٤). بەشداربوونی هەمەلایەنە یەکێک لەو خاڵانەیە کە شۆڕش لە ڕاپەڕین، سەرهەڵدان و کودەتا جیا دەکاتەوە. بە پێچەوانەی ئەوانەی دووهەم کە بە یەک یا دوو چینی کۆمەڵگا دەکرێن، شۆڕش پێویستی بە بەشداربوونی زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا هەیە (هانتینگتۆن، ١٩٩٤: ٤٤). ئەگەر چاوێک بە شۆڕشەکانی پێشدا بخشێنین دەبینین کە ئەوەی کە شۆڕشی فەڕانسەی مسۆگەر کرد بەشداری هەمەلایەنەی توێژەکانی کۆمەڵگا بوو. لە ڕاستیدا ئەو هۆکارەی کە بواری بە سەرکەوتنی ڕاپەڕینی "فرۆندە"ی فەڕانسە نەدا لە ساڵی ١٦٤٨دا، بەشەدار نەبوونی تەنیا یەک چین،

واتە چینی جووتیار بوو. بەڵام بەشداربوونی ئەو چینە لە ڕاپەڕینەکانی ساڵی ١٧٨٩ دا بوو بە هۆی سەرکەوتنی شۆڕشی فەڕانسە (گرین، ١٩٩٠: ٦٦). ئەگەر چاوێک لە شۆڕشی ڤییتنام ١٩٤٥-١٩٧٥ بکەین دەبینین کە هۆکاری سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەش بەشداری هەمەلایەنەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بوو، بە سۆسیالیست و ناسۆسیالیستەوە (جیاپ، ٢٠٠١: ٣٣-٣٤-٧٤-٨٩).

٤. نەبوونی یەکێتی لە نێو باڵە جیاوازەکانی دەوڵەتدا؛ چەندە یەکێتی نەتەوەیی و بەشداری گشتگیری کۆمەڵگا گرینگ بێت بۆ سەرکەوتنی شۆڕش، ئەوەندەش پرشوبڵاوی باڵە جیاوازەکانی دەوڵەت کاریگەری ئەرێنی هەیە. ئەو هۆکارانەی کە یەکریزی باڵەکانی دەوڵەت تێکدەدەن بریتین لە قەیرانی ئابووری، هەڵمەتی چاکسازی لە لایەن باڵێکی دەوڵەت و شکەستی دەوڵەت لە شەڕی دەرەکیدا. بۆ وێنە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی هەردوو شۆڕشی فەڕانسە ١٧٨٩ و شۆڕشی چین ١٩١١ ناکۆکی نێوان چینی خاوەن دەسەڵات و چینی بازەرگان-خاوەن زەوی ئەو وڵاتانە بوو (سکاکپۆڵ، ١٩٧٩: ٨٠-٨١). یان ئەگەر چاوێک لە شۆڕشی ئەلجەزایری ١٩٦٢ بکەین دەبینین کە سەرکەوتنی شۆڕش زیاتر بۆ نایەکریزی دەوڵەتی فەڕانسە دەگەڕێتەوە تا بۆ هێزی جەماوەری و سەربازی "بەرەی ئازادیخوازی نەتەوەیی" ئەلجەزایر (FLN). تێچووی شەڕی فەڕانسە لە ئەلجەزایرە ئەوەندە زۆر بوو کە باڵە جیاوازەکانی دەوڵەتی فەڕانسەی هەتا ئاستی شەڕی ناوخۆیی برد (دوون، ١٩٧٢: ١٤٧-١٤٨؛ گرین، ١٩٩٠: ٧٤-١١٣).

٥. قەیرانگەلێکی گشتی کە بتوانن توانایی سەرکوتکاری لە دەوڵەت زەوت بکەن؛ هەندێک فاکتۆر هەن کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەتدان و دەتوانن کە کۆی پەرگال یان سیستێمی دەوڵەت تێکبدەن. باشترینی ئەم فاکتورانە بەزینی دەوڵەتە لە شەڕی دەرەکیدا کە دەبێتە هۆی دروست بوونی بۆشایی هێز و دەتوانرێ لە لایەن بزووتنەوی شۆڕشگێڕەوە بقۆزرێتەوە (تیلی، ١٩٩٤: ٥٤؛ دیفرۆنزۆ، ١٩٩٦: ١٦). هەندێک لەو شۆڕشانەی کە لە میانەی بەزینی سوپای وڵاتەکەیاندا هەڵگیرساون بریتین لە شۆڕشی فەڕانسەی ساڵی ١٨٧١، شۆڕشی ئۆکتۆبری ڕووسیە ١٩١٧ و شۆڕشی چین ١٩٤٧ (جانسۆن، ١٩٨٢: ١٠٧). قەیرانی ئابووریش یەکێکی ترە لەو فاکتۆرانەی کە دەتوانێ شڵەژان بخاتە نێو دامودەزگای دەوڵەتەوە. بۆ وێنە لە ساڵەکانی پێش شۆڕشی فەڕانسە ١٧٨٩، پەرگال یان سیستێمی ئابووری ئەو وڵاتە دۆخێکی گەلێک خراپی هەبووە. نرخی زۆربەی شتەکان هەر لە گەنم و برنجەوە بگرە هەتا دەگاتە سووتەمەنی بەرزبوونەوەیەکی ئەوتۆیان بینیوە (گرین، ١٩٩٠: ١٣٨؛ تارۆ، ١٩٩٤: ٧٠).

٦. ڕێگەپێدراوی نێونەتەوەیی و یارمەتی دەرەکی؛ هەبوونی بەستێنێکی هەرێمی و ناونەتەوەیی کە هێڵانی شۆڕش بدات دەتوانێ دەورێکی دیاریکەری لەسەر ڕەوتی شۆڕش هەبێت. بۆ وێنە شەڕی یەکەمی جیهانی بەستێنێکی لەباری خولقاند بۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکانی مێکزیک، ئارژانتین، ئۆرۆگۆئ، چین و ڕووسیە (گۆلدفڕانک، ١٩٩٤: ١١٩). ڕێگەپێدراوی نێونەتەوەیی چەندە گرینگ بێت، یارمەتی دەرەکیش بۆ سەرخستنی شۆڕش ئەوەندە گرینگە. هەرچەندە یارمەتی دەرەکی زیاتر بێت ئەوەندەش شانسی سەرکەوتنی شۆڕش لە سەرێیە (گوور، ٢٠١١: ٢٧٠؛ کریسی، ١٩٩٦: ١٥٥؛ هۆرۆویتز، ٢٠٠٠: ٢٣٠). بۆ وێنە بە بێ یارمەتی یەکێتی سۆڤیەت بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئێریترە ئەگەری سەرکەوتنی شۆڕشی ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٩١دا ئەستەم بوو (هۆرۆویتز، ٢٠٠٠: ٢٧٢). یارمەتی دەرەکی بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێر چەندە دەتوانێ کاریگەری ئەرێنی لەسەر شۆڕش دانێت، هەبوونی ئەو یارمەتییە بۆ دەوڵەت دەتوانێ ئەوەندە کاریگەری نەرێنی لەسەر دانێت. لە ئامریکای لاتین بۆ وێنە، یارمەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بۆ ڕێژیمە دیکتاتورەکان بەربەستێکی گەورە بوو بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی ئەو وڵاتانە (گرین، ١٩٩٠: ١٢٦). بەڵام کاتێک کە یارمەتی ئامریکا نەما، هێزی سەرکوتکەرانەی ئەم ڕێژیمانە دابەزی و ڕێگای بۆ سەرخستنی شۆڕش

خۆش کرد. بۆ وێنە، کاتێک کە ئامریکا لە ساڵی ١٩٧٨دا یارمەتیەکانی ڕێژیمی "سۆمۆزا"ی بڕی، دەوڵەتی نیکاراگۆئ بێ هێز بوو و ساڵێکی تێ وەرنەگەڕا کە شۆڕشی ئەو وڵاتە سەرکەوت (مەک ئادەم، ١٩٩٦: ٣٥؛ گرین، ١٩٩٠: ١٢٧).

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ٦ فاکتۆرە ئەگەر چاوێک بە مێژووی کوردستان لە ساڵەکانی ١٩١٩ هەتا ١٩٢١ دا بخشێنین دەبینین کە بەشێکی زۆری ئەم فاکتۆرانە لە ئارادا بوون. هەر بۆیە هەندێک لە مێژوونووسان ئەو ماوەیە بە "دەرفەتی زێڕین" بۆ ئازادی کوردستان و سەربەخۆیی نەتەوەیی ناودێر دەکەن (ئیزەدی، ١٩٩٢: ٥٨؛ کەندال، ١٩٩٣: ٣٠). بەڵام ئەم چەشنە ناودێر کردنە بۆ و ئەو فاکتۆرانەی کە لە ئارادا بوون چین؟

فاکتۆری یەکەم، واتە خواست و ویستی کۆمەڵگا لە ئارادا بووە. هەبوونی دەیان سەرهەڵدان لە چوار قوڕنەی کوردستان، واتە سەرهەڵدانی شێخ مەحموود لە پارێزگەی سلێمانی ١٩١٩، سەرهەڵدانی کۆچگری لە هەرێمەکانی دێرسیم ١٩٢٠، سەرهەڵدانی سمکۆ شکاک لە ناوچەی ورمێ ١٩٢٠، سەرهەڵدانی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٣، سەرهەڵدانی ئاگری ١٩٢٧ و ڕاپەڕینی دێرسیم ١٩٣٨، ئەوە دەسەلمێنن کە کۆمەڵگای کوردەواری خواست و ویستی ئازادی و سەربەخۆیی هەبووە.

فاکتۆری دووهەم، واتە ڕێکخستن و پارتی ڕامیاری لە ئارادا بوون و توانیویانە لە ئاست و شوێنی خۆیاندا بەرخۆدانی باش بکەن. تەنانەت لە هەندێک شوێندا بەرخۆدان ئەوەندە بەهێز بووە کە دەوڵەتانی داگیرکەر دەستەوداوێنی فێڵ و کەڵەک بوون بۆ شکەستدانی سەرهەڵدانەکە. بۆ وێنە لە سەرهەڵدانی دێرسیمدا، کاتێک کە سوپای تورکیە بەرخودانی بێ وێنەی کوردانی پێ ناشکێت، سەید ڕەزا بانگ دەکات بۆ دانووسان لەسەر مافی کورد. کاتێک کە سەید ڕەزا بە مەبەستی وتووێژ دەچێت بۆ لای کەمالیستەکان، هەر لەوێ دەیگرن و لە داری دەدەن (دەرسیمی، ٢٠٠١: ٣٢١؛ لازاریڤ ئ.د.، ١٩٩٩: ٢٠٠٣). سەرهەڵدانی سمائیل ئاغای سمکۆش هەر بەو چەشنە لە ناو برا.

فاکتۆری سێهەم، واتە یەکێتی نەتەوەیی و هەبوونی وتاری ڕامیاری گشتگیر کە زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لەخۆیدا بگرێ، لە ئارادا نەبووە. هیچ بەڵگەیەک نییە گوزارە لە هاوکاری و یەکێتی بزووتنەوەکانی کوردی چوار لای کوردستان بکات. هەندێک جار لە نێو بزووتنەوەی یەک بەشی کوردستانیشدا تەنانەت یەکێتی نەبووە. بۆ وێنە ئەگەر چاو لە بزووتنەوەی باکووری کوردستان بکەین دەبینین کە لە کاتێکدا کە بەدرخانییەکان باسیان لە سەربەخۆیی کوردستان دەکرد و دیانکوت کات کاتی سەربەخۆییە، سەید عەبدولقادری نەهری و قەوارەپارێزەکان پێداگریان لە ئۆتۆنۆمی و مانەوە لەگەڵ "برا" تورکەکاندا دەکرد (دەرسیمی، ٢٠٠١: ١٤٥-١٤٦؛ کەندال، ١٩٣: ٣٢).

فاکتۆری چوارەم، واتە پرشوبڵاوی نێو باڵەکانی دەوڵەت لە ئارادابووە. ئیمپراتووری عوسمانی لە حاڵی ڕووخاندا بە دوو باڵدا دابەش ببوو. باڵی سوڵتان عەبدولحەمید خوازیاری بەردەوامی پەرگال و سیستێمی پاشایەتی بوو، لە کاتێکدا ئاتاتورک و کەمالیستەکان هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی تورکیان دەدا. لایەنگرانی سوڵتان لە ئیستەنبوڵ بوون و کەمالیستەکانیش کە دەوڵەتی ئیستانبوڵ و سوڵتانیان قەبوول نەبوو لە ئانکارا دەوڵەتێکی نوێیان پێکهێنا بوو.

فاکتۆری پێنجەم، واتە هەبوونی قەیرانێکی تۆخی گشتگیر کە کۆی پەرگالی دەوڵەتی تورکی شلەژاندبوو، لە ئارادا بووە. پاش تەواو بوونی شەڕی یەکەمی جیهانی و بەزینی دەوڵەتی عوسمانی لەو شەڕەدا هاوپەیمانان ئەو وڵاتەیان داگیر کردبوو و پەیمانی سێڤرەسیان بەسەردا سەپاندبوو. ئاتاتورک ئەوەندە لاواز ببوو کە پەنایی بۆ کوردەکان برد و تەنانەت لە ژێر ناوی "برایەتی گەلان"دا هەندێک سەرۆک خێڵی کوردیشی خاپاند (کەندال، ١٩٩٣: ٤٨). لەو دۆخە دژوارەدا دەوڵەتی عوسمانی توانای

سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کوردی نەبوو و لەولاوەشەوە دەوڵەتی ئێرانیش لە دۆخێکی باشتردا نەبوو.

فاکتۆری شەشەم، واتە ڕێگەپێدراوی نێودەوڵەتی و یارمەتی دەرەکی لە بواری "دیپلۆماسی"دا هەبووە. بەڵگە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە دونیای ڕۆژئاوا و هاوپەیمانان لایەنگرییان لە دروست کردنی کوردستانێکی ئازاد کردووە. بەڵگەی یەکەم جاڕنامەی ١٤ خاڵی "وودرۆ ولیسۆن" سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی ئامریکایە کە لە خاڵی ١٢ دا بە ڕاشکاوی باس لە مافی کورد دەکات و دەڵێ کە کوردان دەبێ "بە تەواوی دەرفەتی دەست تێوەرنەدراویان هەبێت بۆ پێشخستنی [پێکهاتەی] خۆبەڕێوەبەر"ی خۆیان. بەڵگەی دووهەم پەیمانی سێڤرەسە کە ئەویش بە ڕاشکاوی لە خاڵی ٦٢ و ٦٤ دا داکۆکی لە مافی کورد و دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد دەکات. بەڵام یارمەتی دەرەکی هاوپەیمانان تەنیا لە ئاستی "دیپلۆماسی"دا بووە و هیچ بەڵگەیەک لەسەر ئەوە نییە کە هاوپەیمانان یارمەتی ماڵی یان سەربازی بزووتنەوەی کوردیان کردبێت. ئەوەی کە یارمەتی دیپلۆماسی، ئابووری و سەربازی پێگەیشت کەمالیستەکان و دەوڵەتی تازەدامەزراوی تورک بوو لە ئانکاڕا، نەک کورد. بەڵام ئەو یارمەتیانە لە کوێوە هاتوون و کێ ناردوونی، ئێستا دێینە سەر ئەو باسە.

بەڵگە مێژووییەکان هەموو باس لەوە دەکەن کە لە ساڵی ١٩١٩ بەولاوە یەکێتی سۆڤیەت بە سەرۆکایەتی "ڤلادیمیر لینین" یەکەمین یارمەتیدەری کەمالیستەکان بووە و ئەو یارمەتیانەش هەموو ڕەهەندەکانی سەربازی، ئابووری و دیپلۆماسی لە خۆی گرتووە. بۆ وێنە، یەکەم وڵاتێک کە پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ کەمالیستەکان واژۆ کرد و دەوڵەتی ئانکارای لە ساڵی ١٩٢١ دا بە فەرمی ناسی یەکێتی سۆڤیەت بوو (مەک دۆل، ١٩٩٧: ١٣٨؛ ڕۆمانۆ، ٢٠٠٦: ٣٦). ئەم پەیمانە لەگەڵ خۆیدا بوو بە هۆی ئەوەی کە لینین دابینکەری چەک و تەقەمەنی کەمالیستەکان بێت، نەتەنیا بۆ دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی تورک بەڵکوو بۆ لە ناو بردنی سەرهەڵدانە یەک لە دوای یەکەکانی کورد (جووەیدا، ٢٠٠٦: ١٢٢؛ دوون، ١٩٧٢: ١٩٣-١٩٥؛ دەرسیمی، ٢٠٠١: ٢٩٠؛ ئۆلسۆن، ١٩٩٢: ٤٨٠-٤٩٢؛ بەردخان، ٢٠٠٥: ١٦-١٨-١٩؛ ڤانلی، ٢٠٠٥: ١٥٨؛ کەندال؛ ١٩٩٣: ٤٩؛ هاریس، ١٩٩٠: ١١٨-١١٩). لینین بە باشی ئاگای لە ڕاپەڕینی کوردەکان و سەرکوتکردنیان بووە. چونکە کاتێک کە کەمالیستەکان ڕاپەڕینی شێخ سەعیدیان لە خوێندا گەوزاند، "ئەنتێرناسیۆناڵی سێهەم" کە لە ژێر کاریگەری لینین و بۆلشۆیکەکاندا بوو، ڕاپەڕینەکەی سەرکۆنە کرد و بە ئامراز و کرێگرتەی "ئیمپریالیسم"ی ناودێر کرد (ڤان برووئێنسن، ١٩٩٢: ٢٩٢؛ بۆزئەرسلان، ٢٠٠٣: ٢٩). لینین هەنگاوێک لەوەش زیاتر ڕۆیشت و لە ژێر داوای ئاتاتورکدا ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە بە هەرێمی "کوردستانی سوور"ی دابوو لە ئازەربایجان، لە ساڵی ١٩٢٣دا وەریگرتەوە و هەرێمەکەی خستە سەر "کۆماری ئازەربایجان" (ڤانلی، ٢٠٠٥: ١٥٨-١٥٩).

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر پرسیاری سەرەکی کە لە دەستپێکی بابەتەکەدا دامانڕشت، لە وڵامدا دەتوانین بڵێین؛ ئەو فاکتۆرانەی کە بوون بە هۆی هەڵوەشانەوەی پەیمانی سێڤرەس و سەپاندنی پەیمانی لۆزان، لە پلەی یەکەمدا نەبوونی یەکێتی نەتەوەی بوو و لە پلەی دووهەمدا هالیکاری لینین بۆ کەمالیستەکان. ئەگەر کوردەکان یەکگرتوو بایەن و یەکێتی سۆڤیەت لەو ئاستەدا یارمەتی کەمالیستەکانی نەکردایە، ئەگەری زۆری هەبوو کە بزووتنەوەی کورد لەو قۆناخە هەستیارەدا سەرکەوتوو لە ئاو دەر هاتبایە. ئەڵبەت من لەو باوەڕەدام کە ئێمە ناتوانین ڕەخنەی لینین و بلۆکی سۆسیالیستی بکەین لە مەڕ یارمەتی کردنی ئاتاتورک. پێموایە ئەم چەشنە ڕەخنە کردنە ناشارەزایی ڕامیاری دەنوێنێ، چونکە سیاسەت لەسەر بەرژەوەندی دەکرێت و لەوانەیە لینین بەرژەوەندی خۆی لەگەڵ ئاتاتورکدا بینیبێت. بەڵام ئەگەر چاوێک لە سیاسەتی لینین لەمەڕ شۆڕشی گەلانی "دونیای سێهەم" بکەین، مژارەکە جیاواز دەبێت.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی ١٩١٧ لە ڕووسیە یەکێک لە بەرنامەکانی یەکێتی سۆڤیەت یارمەتی کردنی شۆڕشی گەلانی "دونیای سێهەم" بوو، کە ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە و شرۆڤە کردنی لە پانتایی ئەم بابەتەدا ناگونجێ. یەکەم هەنگاوی سۆڤەیەت لەو پێناوەدا سازدانی "کۆنگرەی یەکەمی گەلانی ڕۆژهەڵات" بوو کە لە ساڵی ١٩٢٠دا لە شاری "باکو" بەڕێوە چوو. "هۆشیمین" ڕیبەری شۆڕشی ڤێتنام کە لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بووە دەڵێت؛ "پاش ئەم کۆنگرە مێژووییە، سەرەڕای هەبوونی کێشەگەلێکی زۆری ناوخۆیی و دەرەکی، ڕووسیەی شۆڕشگێڕ قەت دوودڵی نەکرد لە یارمەتی کردنی ئەو گەلانەی کە لە ئاکامی شۆڕشە مێژووییەکەی خۆیدا وەخەبەر هاتبوون. یەکێک لە گرینگترین بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیە کردنەوەی زانینگەی ڕۆژهەڵات بوو" (هۆشیمین، ١٩٦٧: ٤٤). ئەو زانینگەیە بۆ پەروەردەکردنی شۆڕشگێڕانی ئاسیایی و ئافریقایی دروست کرابوو کە بە وتەی هۆشیمین ١٥٠ مامۆستا و ١٠٢٢ خوێندکاری لە ٦٢ وڵاتی جیاوازەوە هەبووە. لە هەڵسەنگاندنی ئەم زانینگەیەدا هۆشیمین دەڵێت؛ "بە بێ زیاد پێوەنان، دەکرێ بگوترێ کە لە ژێر میچی ئەم زانینگەیەدا داهاتووی گەلانی داگیرکراو شاراوەیە" (هۆشیمین، ١٩٦٧: ٤٦). لە بیرمان نەچێت کە پێش ئەوەی هۆشیمین لەو زانینگەیەدا پەروەردە ببینێت، لە خواردنگەکانی پاریسدا کاری کردووە. سەرەڕای ئەوەی کە مرۆڤێکی وڵاتپەروەر بووە، توانایی بەڕێوەبردنی شۆڕشێکی مەزنی وەکوو ڤێتنامی نەبووە. بەڵام لەو زانینگەیە پەروەردەی پێویستی هزری، بیردۆزی و ڕێکخستنی بینیوە و بۆ ڤێتنام بەڕێ کراوەتەوە. ئەڵبەت ئەو یارمەتیدانە تەنیا لەو ئاستەدا نەبووە و هەتا سەرکەوتنی دوایی شۆڕشی ڤێتنام لە بواری سەربازی و ماڵی و دیپلۆماسیدا بەردەوام بووە.

یارمەتی سۆڤەیت و بلۆکی سۆسیالیسم بۆ گەلانی ژێر دەستی ئەو کاتە سەرنجی بەشێکی زۆر لە شۆڕشگێڕانی گەلانی ئاسیا و ئافریقای ڕاکێشاوە و هۆی سەرەکی بە سۆسیالیست بوونیان بووە. بۆ وێنە کەسێکی وەکوو هۆشیمین مرۆڤێکی نەتەوەپارێز بووە و لە هەوڵی ئازاد کردنی وڵاتەکەیدا بووە. یەکەم جار کە جاڕنامەی ١٤ خاڵی "وودرۆ ویلسۆن" دەخوێنێتەوە، پەنای بۆ دەبات و داوای مافی چارەیخۆنووسینی گەلی ڤێتنام دەکات. بەڵام کاتێک کە وودرۆ ویلسۆن پشتگوێ دەخات و لە هەمان کاتدا لێنین و پشتگیرییەکانی بلۆکی سۆسیالیسم دەبینێ، سۆسیالیسم هەڵدەبژێرێت، بەبێ ئەوەی کە بکەوێتە خزمەت و ڕاژە کردنی سۆسیالیسمەوە. بەڵام بە پێچەوانەی ڤێتنام و بزاڤی ئازادیخوازی گەلانی ژێردەستی ئەو کات، بەشێکی زۆر لە بزاڤی کورد کەوتە ڕاژەی سۆسیالیسمەوە، بە بێ ئەوەی کە بەرەی سۆسیالیسم هێچ گرینگییەک بە بزووتنەوەی کورد بدات. لە ژێر سەرۆکایەتی خودی لێنیندا بلۆکی سۆسیالیستی دەستی هەبووە لە قەڵاچۆ کردنی کوردان و دابەشبوونی کوردستاندا. هەر لەو کاتەوە هەتا ساڵانی پێش ڕووخانی، یارمەتی داگیرکەرانی کوردستانی کردووە. بۆ وێنە، لە ساڵانی ١٩٨٠دا، واتە ئەو کاتەی کە یارمەتی شۆڕشی ئێریترەی دەکرد، یەکێتی سۆڤیەت چەکی لە جۆری می-١، هیپ-م، هێلیکوپتێری سکۆرسکی و نەفەربەری ئاسنینی بۆ دەوڵەتی تورکیە ڕەوانە کردووە لە دژی پەکەکە (لەیزێر، ١٩٩٦: ٨٣). لەمانەش زیاتر، سۆسیالیسم بزاڤی کوردی کردووەتە پێش قەراوڵی خۆی و لە مەتەرێزی پێشەوەدا شەڕی دونیای ڕۆژئاوا و سەرمایەداری پێدەکات. ئەوەش وای کردووە کە فاکتۆری شەشەمی سەرکەوتنی شۆڕش، واتە یارمەتی دەرەکی، لە قازانجی تورکیەدا بشکێتەوە نەک بزاڤی کورد، و تورکیەش زۆر زیرەکانە کەڵکی لەوە وەرگرتووە!

هەر چەندە یارمەتی دەرەکی تەنیا یەک فاکتۆرە لە شەش، بەڵام فاکتۆرێکی گرینگە و بزاڤی کورد بە گشتی و شۆڕشی ڕۆژئاوا بەتایبەت پێویستە لە بەرچاوی بگرن. بە هەر شێوەیەک شۆڕش پێناسە بکەین دەبینین کە لە ڕۆژئاوای کوردستاندا شۆڕشێکی هەمەلایەنە لە ئارادایە. بەڵام سەرکەوتنی کۆتایی ئەو شۆڕشە پێویستی بە فاکتۆری شەش هەیە. بۆ ڕاستی ئەم وتەیە پێویست ناکات زۆر دوور بڕۆین، با لە فەرماندەکانی یەپەگە و یەپەژە بپرسین ئاخۆ هاوکاری هاوپەیمانان کاریگەری هەبووە یان

نا. ئەگەر کاریگەری هەبووە پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ بەردەوام کردن و بەرفرە کردنیان بۆ ڕەهەندەکانی دیپلۆماسی، ئابووری و هتد. بەڵام بەو زمانە سۆسیالیستییە توندەی کە ئێستا هەیە، لەو باوەڕەدا نیم فاکتۆری شەشمان پێ مسۆگەر بکرێت. لەوانەیە لە کەمبوونەوەی مەترسییەکانی داعشدا، ئەو یارمەتییە سەربازییە کەمەی کە ئێستا هەیە، ئەوەش لە دەست بدەین.

## کۆتایی

بە پێی ئەوەی کە بزووتنەوەی سەدەی بیستەمی کورد زیاتر لە ژێر کاریگەری چەپدا بووە، ئەو کاریگەریە باڵی بەسەر زۆربەی شڕۆڤە ڕامیارییەکاندا کێشاوە. هەندێک جار ئەم کاریگەرییە وای کردووە کە مێژووی خۆشمان وەک ئەوەی کە هەبووە شرۆڤە و ئازەنتی نەکەین. یەکێک لەوانە پەیمانی لۆزان و دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەت-نەتەوەی هەرێمی دایە. بە گوێرەی وتاری باوی ڕامیاری کورد پەیمانی لۆزان بەرهەمی "پیلانگێڕی" دونیای ڕۆژئاوا و بەرەی کاپیتالیسم بوو. بەڵام لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکی سەرنەگرتنی پەیمانی سێڤرەس و سەپاندنی لۆزان لە پلەی یەکەمدا بۆ نەبوونی یەکێتی نەتەوەیی و لە پلەی دووهەمدا یارمەتی سەربازی، دیپلۆماسی و ئابووری یەکێتی سۆڤیەت بە سەرۆکایەتی لێنین بۆ تورکیە دەگەڕێتەوە. ئەگەر کوردەکان یەکگرتوو بایەن و ئاتاتورک لەو ئاستەدا یارمەتی هەمەلایەنەی لێنینی پێ نەگەیشتایە، مێژووی سەدەی بیستەمی کوردی زۆر جیاواز دەبوو لەوەی کە هەیە.

**Kardo.bokani@gmail.com**

**:Bibliography**

**Bedirxan, S. (2005) The Case of Kurdistan Against Turkey. Available online: http://www.saradistribution.com/thecaseofkurdistan.htm**

**Bozarslan, H. (2003) “Kurdish Nationalism in Turkey: From Tacit Contract to Rebellion 1919-1925”. .In: Vali, A. ed. Essays on the Origins of Kurdish Nationalism. California: Mazda**

**.Revolutionary Movements, Second Edition. Oxford: Westview & DeFronzo, J. (1996) Revolutions**

**.Della Porta, D. and Diani, M. (1999) Social Movements An Introduction. Oxford: Blackwell**

**دەرسیمی، ن. (٢٠٠١، [١٩٥٢] دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا. وەرگێڕ لە تورکیەوە بۆ کوردی، دزێیی، ف.ا. هەولێر: موکریانی.**

**Dunn, J. (1972) Modern Revolutions; An Introduction to the Analysis of a Political Phenomenon. .London: Cambridge University Press**

**Gamson, W. and Meyer, D. (1996) “Framing Political Opportunity”. In: McAdam, D., McCarthy, J. and Zald, M. eds. Comparative Perspectives on Social Movements; Political Opportunities, .Mobilizing Structures, and Cultural Framings. Cambridge: Cambridge University Press**

**Giap, V.N. (2001, [1961]) Peoples War Peoples Army; The Viet Cong Insurrection Manual for .Underdeveloped Countries. Hawaii: University Press of the Pacific**

**Goldfrank, W. (1994, [1986]) “The Mexican Revolution”. In: Goldstone, J. ed. Revolutions; Theoretical, Comparative, and Historical Studies. Second Edition. Toronto: University of California, .Davis**

**Greene, T. (1990, [1974]) Comparative Revolutionary Movements; Search For Theory and Justice, .Third Edition. New Jersey: Prentice Hall**

.Harris, N. (1990) National Liberation. London: Penguin Books

.Horowitz, D. (2000, [1985]) Ethnic Groups in Conflict. Berkeley: University of California Press

Huntington, S. (1994, [1986]) "Revolution and Political Order". In: Goldstone, J. ed. Revolutions; Theoretical, Comparative, and Historical Studies. Second Edition. Toronto: University of California, .Davis

.Francis & Izady, M.R. (1992) The Kurds; A Concise Handbook. Washington: Taylor

Johnson, C. (1982, [1966]) Revolutionary Change. Second Edition. Stanford: Stanford University .Press

Jwaidah, W. (2006) The Kurdish National Movement; Its Origin and Development. New York: .Syracuse University Press

Kendal, N. (1993, [1980]) "Kurdistan in Turkey". In: Chaliand, G. ed. A People Without A Country; .The Kurds and Kurdistan. New York: Olive Branch

Kriesi, H. (1996) "The Organizational Structure of New Social Movements in a Political Context". In: McAdam, D., McCarthy, J. and Zald, M. eds. Comparative Perspectives on Social Movements; Political Opportunities, Mobilizing Structures, and Cultural Framings. Cambridge: Cambridge .University Press

لازاریف، پ.س، محوی، ش.خ.، ڤاسیلییەوا، ی.ای.، حسرتیان، م.ئ.، و ژیگالینا. (۱۹۹۹) تاریخ کردستان. ترجمه به فارسی امین ئواره، ک. و صدقی، م. کلن: فروغ.

.Laizer, S. (1996) Martyrs, Traitors and Patriots; Kurdistan after the Gulf War. London: Zed Books

McAdam, D. (1996) "Conceptual Origins, Current Problems, Future Directions". In: McAdam, D., McCarthy, J. and Zald, M. eds. Comparative Perspectives on Social Movements; Political Opportunities, Mobilizing Structures, and Cultural Framings. Cambridge: Cambridge University .Press

.McDowall, D. (1997) A Modern History of the Kurds. London: I.B. Tauris

.Minh, H.C. (1967) On Revolution; Selected Writings, 1920-66, Fall, B.B. edition. New York: Praeger

Olson, R. (1992) "The Kurdish Question in the Aftermath of the Gulf War: Geopolitical and .Geostrategic Changes in the Middle East". Third World Quarterly, 13 (3): 475-499

Romano, D. (2006) The Kurdish Nationalist Movement; Opportunity, Mobilization and Identity. .Cambridge: Cambridge University Press

China. & ,Social Revolutions; A Comparative Analysis of France, Russia & Skocpol, T. (1979) States .Cambridge: Cambridge University Press

.Tilly, C. (1978) From Mobilization to Revolution. Massachusetts, London: Addison-Wesley

Tarrow, S. (1994) Power in Movement; Social Movements, Collective Action and Politics. .Cambridge: Cambridge University Press

Van Bruinessen, M. (1992) Agha, Shaik and State: On the Social and Political Organisation of .Kurdistan. London: Zed Books Ltd

Vanly, I.S. (2005, [1992]) "The Kurds in the Soviet Union". In: Kreyenbroek, P. and Sperl, S. eds. The .Kurds; A Contemporary Overview. London: Routledge